# پێشمەرگە و خانەوادەی سەربەرزیان داوای یەکڕیزی و کۆڵنەدان لە سەربەخۆیی دەکەن



گوڵان: کۆمەڵایەتی

**سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتیی سیاسیی کورد پێش و پاشی ئەنجامدانی ریفراندۆم جەختیان لەوە کردووەتەوە کە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەبێت بە رێگەی ئاشتییانە و دیالۆگی کراوە چارەسەر بکرێت و لە هەر جۆرە شەڕ و کاولکارییەکی ناوخۆ رێگری بکرێت. بەڵام ئەو دۆخە ئاڵۆزەی کە هەفتەی رابردوو لە کەرکووک دروست بوو، بەپێچەوانەی ئەو ئاشتیخوازییە هەنگاوی نا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش کە ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون، جارێکی دی رێگری لەوە کرا کە شەڕی کورد و عەرەب دروست بکرێت و دۆخێکی نالەبار دروست بوو ئەوەش هەموو کوردستانییان و بەتایبەتی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگەی وڵاتپارێزی زۆر نیگەران کرد، چاودێرانی سیاسیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو کاتەی ئۆپەراسیۆنی نێودەوڵەتی لەژێر ناوی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق دەستی پێکرد، تەنیا هێزی پێشمەرگە لەو ئۆپەراسیۆنەدا بەشداری کردووە و هیچ هێزێکی سیاسیی عەرەبی شیعە و سوننە بەشدار نەبوون، بۆیە عێراقی نوێ دەبێت خۆی بە قەرزاری پێشمەرگە بزانێت، نەک پەلاماری بدات. هەر لەو بارەوە ژمارەیەک پێشمەرگە خانەوادەی سەربەرزیان لەم راپۆرتەدا راوسەرنجی خۆیان بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.**



«وەزعەکە تا بڵێی ناخۆشە، بەڵام بە پشتیوانی خوای گەورە و ورەی بەرزی پێشمەرگە و یەکڕیزیمان بە سەر هەموو کێشەیەکدا زاڵ دەبین.» ئەوە دەستپێکی قسەکانی نەرمین حەیدەر بوو. وەک خۆی باسیکرد، تەمەنی نزیکەی ٥٠ ساڵ دەبێت و دایکی شەش منداڵەو دوو کوڕیشی پێشمەرگەن و لە شەڕی تیرۆریستانی داعشدا بەشدارییان کردووەو تا ئێستاش بەردەوامن. ئەو دایکە بە ورەیەکی بەرزی نیشتمانپەروەرییەوە دەڵێت: «من وەک دایکێک خۆم و دوو کوڕم کە پێشمەرگەن ئامادەین بمرین، بەڵام خوێنی شەهیدەکانمان بەفیڕۆ نەچێت و کورد ببێتە خاوەن دەڵەتی سەربەخۆ، هیوادارم بتوانین رۆحی پاکی شەهیدەکانمان شاد بکەین.»

رائید کامەران لە لیوای١١ی وەزارەتی پێشمەرگە لە خورماتوو سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «کورد هەوراز و نشێوی زۆری بینیوە و هیچ هێزێک نەیتوانیوە هێزی پێشمەرگە بتوێنێتەوە و تا ئێستاش پێشمەرگە بەرگری لە میللەتەکەی دەکات.» هاوکات دەڵێت: «ئێمە وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان دڵنیاتان دەکەینەوە کە هەردەم و لە هەموو کات و ساتێکدا ورەمان پۆڵایینە و لەو پەڕی ئامادەباشیداین بۆ بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان، بۆ دونیاش بە باشی سەلماندوومانە کاتێك کە شەمشەمە کوێرەکانی داعش کە لە لای هەموو زلهێزەکانی دنیا ئەفسانە بوو، بە ورەی پۆڵایین و بە بازووی پێشمەرگە ئەوانمان تێکشکاند. ئێمە وەکو پێشمەرگەی کوردستان لە هیچ کاتێکدا لەگەڵ شەڕ نەبووین و ناشبین، بەڵام کە شەڕمان پێ بفرۆشن و بیانەوێت دەستدرێژی بکەنە سەر میللەتەکەمان، دەبێت باش بزانن کە ئێمەی پێشمەرگە، مەرگمان پێش ژیانمان خستووە و رووبەڕوویان دەبینەوە. دەبێت بزانن ئێمەی پێشمەرگە جگە لە خودا لە هیچ هێزێك نەترساوین و نە دەترسین، رێبازی لە پێشینەمانە کەم ژیان و کەڵ ژیان، مردن بە پێوە جێگای فەخر و شانازیمانە لە پێناو کوردستان.»

نەقیب عومەر عەلی لە سوپای ٥ی زێرەڤانی لە چیای زەرتك سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەداخەوە هەندێك لێدوانی تاکە سیاسییەکانی کورد کە بە شێوەیەکی نابەرپرسانە بیردەکەنەوە، وایکردووە دڵەڕاوکێی لەنێو بەشێکی کۆمەڵگەی خۆمان دروست کردووە، ئەگینا کورد لە ٢٥ی٩ بڕیاری یەکجارەکی خۆی داوە، بۆ ژیانێکی سەربەرز و ئازادی و سەربەخۆییەکی یەکجارەکی، کەچی ئەو ئەفسەر و چەکدارانەی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی لەبەرانبەرمان وەستاون، کە ماڵ و خێزانەکانیان لە هەولێر دەژین و ئێمە ژیانیان دەپارێزین.» گوتیشی: «پێویستە هەموو جیهان بزانێت وەری پێشمەرگە لە هەر دۆخێکدا لە ئاست دوژمنان وەك شاخ و قەڵای

**ئێمەی پێشمەرگە ئامادەین بمرین لە پێناوی ئەوەی نەوەکانمان بە سەربەرزی بژین، دڵنیاشین بەرهەمی خوێن و قوربانیدانەکانمان بە ئامانج دەگات**

**دەخوازین هیچ کاتێک تووشی شەڕەی نەگریسی کورد و عەرەب نەبین و وەک هەمیشە سەرکردایەتی کورد حەکیمانە هەموو کێشەکانی چارەسەر کردووە، ئەم دۆخەش بەلایەکدا بخات و مژدەبەخش بێت بۆ خەڵکی کوردستان، هیچ مژگێنییەکیش لە سەربەخۆیی کوردستان گەورەتر نییە**

**سەرکردایەتی کوردو تاک تاکی خەڵکی کوردستان هەرگیز ئاواتەخوازی شەڕ و داگیرکاری نەبوون، لەهەمان کاتیشدا هیچ هەڕەشەو خۆسەپاندنێکیان پێ قبووڵ نەکراوە**

**کورد و خاکی کوردستان زۆر غەدری جوراوجۆری لێ کراوە، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە خاڵی کۆتایی بۆ پێشێلکردنی خەون و مافەکانی دابنرێت**

**تا ئێستاش گیان لەدەستدانی بەرکەوتەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە بەردەوامە، بەڵام جیهان لە شەڕی تیرۆریستانی داعش هەزاران شەهیدمان دا، سوپای شکستخواردووی عێراقمان لە موسڵ بەهێز کردەوە، کەچی دوای داعش پەلاماری کوردیان دا**

**پێویستە هەموو جیهان بزانێت وەری پێشمەرگە لە هەر دۆخێکدا لە ئاست دوژمنان وەک شاخ و قەڵای خۆڕاگرەو سەرکردەی نابەرپرسیاری کوردیش خوێنی شەهیدان و نزای دایکی شەهیدان و دوعای منداڵەکانی ئەنفال ریسوایان دەکات**

خۆڕاگرەو هەندێ لە سەرکردەی نابەرپرسیاری کوردیش خوێنی شەهیدان و نزای دایکی شەهیدان و دوعای منداڵەکانی ئەنفال ریسوایان دەکات، نابێت بە کەمتر لە سەربەخۆیی کوردستان رازی بن، بڕیاری سیاسی لە سەرکردایەتی دڵسۆزی کورد و قوربانی لە ئێمەی پێشمەرگە. بژی کوردستان بژی پێشمەرگە.»

میدیا بەکر دایکی دوو منداڵ و هاوسەری ئەفسەرێکی پێشمەرگە و کادیرێکی پارتی و دانیشتووی هەڵەبجەیە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «گەلی کورد لە پێناوی رزگاری لە بندەستی و ستەمکاری سەدان هەزار قوربانی داوە و لە قوربانداندنیش بەردەوامە.» گوتیشی: «تا ئێستاش گیان لەدەستدانی بەرکەوتەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە بەردەوامە، بەڵام جیهان لە شەڕی تیرۆریستانی داعش هەزاران شەهیدمان دا، سوپای شکستخواردووی عێراقمان لە موسڵ بەهێز کردەوە، کەچی دوای داعش پەلاماری کوردیان دا.» ئەو خاتوونە پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات کە «کورد و خاکی کوردستان زۆر غەدری جۆراوجۆری لێ کراوە، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە خاڵی کۆتایی بۆ پێشێلکردنی خەون و مافەکانی دابنرێت.» گوتیشی: «هەموو پێشمەرگەیەک بوێر و خاوەنی ئیرادەیەکی پۆڵایینە و ئامادەیە خۆی بە قوربانی سەربەستی وڵاتەکەی بکات، بۆیە دوژمنانی کوردستان نەیار و دوژمنی ناوخۆیی بۆ دادەتاشن.»

رائید نەوزاد فەتاح وەک ئەفسەرێکی پێشمەرگە دەڵێت: «هەمیشە لە پێشەوەی سەنگەرەکاندایین و وەرەی خۆمان و هێزی پێشمەرگە بە رادەیەکی زۆر بەرز و پۆڵایینە، لە هەموو بارودۆخەکانیشدا سەرکردایەتی کوردو تاک تاکی خەڵکی کوردستان هەرگیز ئاواتەخوازی شەڕ و داگیرکاری نەبوون، لەهەمان کاتیشدا هیچ هەڕەشەو خۆسەپاندنێکیان پێ قبوڵ نەکراوە، ئێمەش دەخوازین هیچ کاتێك تووشی شەڕەی نەگریسی کورد و عەرەب نەبین و وەك هەمیشە سەرکردایەتی کورد حەکیمانە هەموو کێشەکانی چارەسەر کردووە، ئەم دۆخەش بەلایەکدا بخات و مژدەبەخش بێت بۆ خەڵکی کوردستان، هیچ مزگێنییەکیش لە سەربەخۆیی کوردستان گەورەتر نییە، مردن و سەرشۆڕی هەر بۆ دوژمنانی کوردە و ئاڵای کوردستانیش هەر گەشاوە دەبێت.»

مقەدەم فارس حەسەنك وەك خۆی ئاماژەی پێکرد لەوەتەی ساڵی ١٩٩١ پێشمەرگەیە و لەم ماوەیەدا بە چەندین پلە و بەرپرسیارێتی تێپەڕیوە و لەشەڕی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش لە سەنگەری بەرگریدا بووە، گوتیشی: «لە دوای دروستبوونی مەترسی بۆ سەر شاری کەرکووك لەساڵی ٢٠١٤ ئەرکی خۆمم لەو شارە بەجێگەیاندووە، لەگەڵ برا پێشمەرگەکانم لە ریزی پێشەوەی ناوچەکانی مەلا عەبدوڵا و تەلوەرد و حەویجە و خەرابەڕووتە و دواجاریش لە زەرگە میحوەری ٣ ی خورماتوو، ئێستاش ئەو شوێنەی بۆ بەرگری کردن لە خاك و وڵات پێم بدرێت، ئامادەم و هەردەم دەستم لەسەر چەکەکەمە، دڵنیاشتان دەکەمەوە کە ورەم سەد لە سەد لە رابردوو زیاترە و ورەم ناڕووخێ.»

ملازم پشتیوان مەلا چەمچەماڵی لە خورماتوو سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هەمیشە گیان لەسەر دەستین بۆ بەرگریکردن لە خاکی کوردستان و هەموومان پێکەوە بۆ سەربەستی و سەربەخۆیی کوردستان گیان بەخت دەکەین. ئێمەی پێشمەرگە ئامادەین بمرین لە پێناوی ئەوەی نەوەکانمان بە سەربەرزی بژین، دڵنیاشین بەرهەمی خوێن و قوربانیدانەکانمان بە ئامانج دەگات و بە سەربەخۆیی کوردستان شاد دەبینەوە.»



گوڵان: کۆمەڵایەتی

# هاووڵاتیانی کوردستان دۆخەکە هەڵدەسەنگێنن

زۆربەی شرۆڤەکارانی سیاسی و تەنانەت چالاکانی مەدەنی پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە پێویستە مەترسییەکانی دوای داعش لە عێراق بە وردی تاوتوێ بکرێت. کورد مەینەتی زۆری بەسەرهات، بەڵام کوردستانییان ورەی خۆیان لە دەست نەداوە و جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو دۆخە ناهەموارەش تێدەپەڕێنن، داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەکەن لە بەرامبەر ئەو گەلەکۆمەکی و دەستدرێژییانەدا بۆ سەر دەستکەوتەکانی کورد بێدەنگ نەبن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لە روانگەی خۆیانەوە زیاتر دۆخەکە هەڵدەسەنگێنن.



**ئەنفال و جینۆسایدمان تێپەڕاند، ئەم دۆخەش تێپەڕێت. کورد تا دڵۆپە خوێنێکی مابێت، ئامادەی قوربانیدانە، ورەشمان زۆر بەرزە و هەرگیز لە ئامانجی شەهیدان و سەربەخۆیی کوردستان پاشگەز نابینەوە**

**دوژمن کار لەسەر پەرتکردنی ناوخۆییمان دەکات تا بە ئاسانی کەرتەکان بە جیا لە یەکتری تێکبشکێنێت، بەڵام ئەوە ساڵانێکی زۆرە کاری بۆ دەکات و ئێمەش هەر پێشدەکەوین**

نەجمەدین حەسەن مستەفا، رۆژنامەنووس و قوتابی ماستەر لە راگەیاندن، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای کوردستان دەڵێت؛ «ئێمە میللەتێکین مێژوویەکی درێژمان لە رووبەڕبوونەوە هەیە لەگەڵ ئەو داگیرکەر و دوژمنانەی هێزیان بۆ لەناوبردنمان بەکارهێناوە، هەروەها لە هیچ قۆناغێك شکستەکانمان نەبووەتە هۆکاری دەستبەردان لەو ئامانجەی هەمانبووە کە سەربەخۆیی و گەیشتن بووە بە مافەکانمان، بەڵکوو هەمیشە بە مۆراڵێکی بەرزەوە خەباتمان لەپێناو میللەتەکەمان کردووە، ئێستا شەڕی ئیرادەیە، لە ٢٥ی ئەیلوولی ئەمساڵیشدا ئەم جەنگەمان بردەوە، بۆ هەموو دنیامان سەلماند میللەتێکی بە ئیرادە و خاوەن بڕیاری خۆمانین.
هەروەك چۆن لە شەڕی دژ بە داعش هەمان ئیرادەمان دووپاتکردەوە و پێشمەرگەی کوردستان بە کۆنترین و لاوازترین چەکی سەر زەوی، رووبەڕووی دڕندەترین گرووپی تیرۆریستی و پڕچەککراوی نوێ بووەوە، ئەگەر ئەمە ئیرادەیەکی بەهێزی لەپشتەوە نەبێ، بەچ لۆژیکێکی سەربازی ئەم سەرکەوتنە مەزنە تۆمار دەکرێت؟ سەرکەوتنێک کە بووە مایەی شانازی نەك بۆ کوردستان بگرە بۆ جیهان کە هەیبەتی داعش بە دەستی کورد تێکشکێندرا. ئەگەر تەماشایەکی مێژووی دوژمنەکانمان بکەین، دەبینین رێگای جۆراوجۆریان بۆ شکستهێنانمان بەکارهێناوە، شەڕ و کوشتن و لەناوبردن، ماکینەی شەڕی دەروونییان بەردەوام لەسەر کوردستان هەبووە، ئاخۆ ئەمانە سەرکەوتوو بوون؟ بێگومان نەخێر، چونکە پەروەردە نەتەوەیی و نیشتمانیمان سەرچاوەی خەباتێکی درێژی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەییمان بووە.
ئەو رۆژنامەنووسە رایوایە: «بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان، لەلایەن بەغدادەوە لەپێناو ملکەچکردنی خەڵك بووە، بەڵام خەڵك نەچووە ژێر باری ئەو ئامانجەی حکومەتی عێراقی و بە ئیرادە ورەبەرزی تێپەڕی کرد و ئەم دۆخەش تێدەپەڕێنێت.» گوتیشی: «ئەگەر رۆژێك لە رۆژان بە دڵەڕاوکێ و بێ مۆراڵییەوە بەرامبەر ئەو هەموو هێزە زۆرەی دوژمنان بوەستاینەتەوە، ئەوا لە شەستەکانی سەدەی رابردوو، یاخود لە ساڵانی هەشتاکان و پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران، یاخود سەرەتای نەوەدەکان راپەڕین و کۆڕەو دەستمان لە ئیرادە هەڵدەگرت و ناچار ملکەچی ژێردەستەیی دەبووین، بەڵام وەك پێشتر باسم کرد، میللەتێکین خاوەن فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی سەربەرزانەین. و بەدڵنیاییەوە هیچ شەڕێکی دەروونی و سەربازی کاریگەری لەسەر ئیرادە و ورەی خەڵکی کوردستان ناکات، چونکە ئەو قۆناغەمان تێپەڕاندووە بەهێز بتوانن لەناومان بەرن.»
ئەریڤان ئەکرەم (خوشکی شەهید زێرەڤان ئەکرەم، یەکەم شەهیدی شەڕی کۆبانێ) دەڵێت: «ئەم بارودۆخەی ئێستا کوردستانی تێکەوتووە، بۆ ئێمەی کورد زۆر لەو بارودۆخە ناخۆشتر بوو کە داعش هات، چونکە ئەو کات ئێمەی کورد هەموومان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بووین و توانیمان



رووبەڕووی درندەترین گرووپی چەکداری تیرۆریست ببینەوە، بەڵام ئێستا بڕیاری چەند کەسێک لە ئامانجی گەورەی شەهیدان و سەربەخۆیی دووری خستینەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە تەواو، ئیتر کورد دەستبەرداری خاك و خوێنی شەهیدانی دەبێت. بە تێڕوانینی من تەنیا یەکبوونی کورد دەتوانێت ئەم بارودۆخە گرژە چارەسەر بکات، پێویستە واز لە تاوانبارکردن و خەتابارکردن بێنن و هەمووومان کێشەکانمان وەلا بنێین، چونکە دوژمن چاوەڕوانی ئەوەمان لێدەکات کە دووبارە شەڕی براکوژی بکەین و خەون و ئاواتی بەخاوەن دەوڵەتبوونمان لەبیر بکەین. پێویستە کورد واز لەوە بێنێت چاوی لە دەوڵەتانی دەوروبەر بێت بۆ هاوکاری، تەنیا یەك بگرن بەسە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تەواوی پیلانەکانی داگیرکەران و دوژمنانی کوردستان. دڵنیاشم گەلی کورد قبووڵی ئەمە غەدرە گەورەیە ناکات و رازی نابێت خوێنی شەهیدەکانی بەفیڕۆ بڕوات، بەڵام پێویستە ژیرانە هەنگاو بنێین و بزانین کێمان لەگەڵە و کێ دژمانە. بێگومان رۆژێکی نوێ بۆ گەلی کورد بەڕێوەیە و بە یەکهەلوێستی و یەکدەنگی دەتوانین وەڵامی سەرجەم دوژمن و داگیرکەران بدەینەوە. تا پێشمەرگەیەك هەبێت کورد هەر سەرکەوتوو دەبێت. من وەك تاکێکی کورد ورەم بەرزەو لەو پەڕی متمانەدام، چونکە دڵنیام کورد قبووڵی داگیرکردن ناکاتەوە، ئیتر تامی ئازادیمان چەشتووە و هەرگیز سەر بۆ هیچ زاڵم و داگیرکەرێک دانانەوێنین، هیوادارم کورد بە ورە پۆڵایینە ناسراوەکەی بمێنێتەوە. بژی کوردستان، نەمریی بۆ شەهیدان.»

رۆژنامەنووس هێمن عومەر سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «دوژمن کار لەسەر پەرتکردنی ناوخۆییمان دەکات تا بە ئاسانی کەرتەکان بە جیا لە یەکتری تێکبشکێنێت، بەڵام ئەوە ساڵانێکی زۆرە کاری بۆ دەکات و ئێمەش هەر پێشدەکەوین، سەرەتا حوکمی زاتی و دواتر فیدراڵیمان بە دەست هێناو ئێستاش ریفراندۆممان کردووە بۆ سەربەخۆیی، کەوابێت ئێمە دواجار سەردەکەوین. پێشبینی ئەوەش دەکرا کە دوای ریفراندۆم سنوورەکان دابخرێن، ئەو دۆخەش کە دروست بووە لە کەرکووک. شتێکی کاتییە و بە یەکرێزیمان دوارۆژمان رووناك دەبێت و گەیشتن بە ئامانجە گەورەکەمان مسۆگەر دەبێت.»

تەرزە محەمەد کارگێڕی لیژنەی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەزموونی دەوڵەمەند و پڕ لە هەوراز و نشێوی نەتەوەی کوردی دابەشکراوی ماف پێشێلکراو، وایکردووە خۆڕاگر و کۆڵنەدەر و سوور بن لەسەر خەبات و تێکۆشان و راپەڕین و شۆڕش و قوربانیدانی بەردەوام لەپێناو رزگاری و سەربەستیدا، ئێستاش بە ماڵ و گیان ئامادەی قوربانیدانین بۆ سەربەخۆیی و بونیادنانی دەوڵەتی کوردستان، ئەم دۆخە پیلانی دۆژمنانی ناوخۆ و دەرەوە بوو، ئەنفال و جینۆسایدمان تێپەڕاند، ئەم دۆخەش تێپەدەڕێت. کورد تا دڵۆپە خوێنێکی مابێت، ئامادەی قوربانیدانە، ورەشمان زۆر بەرزە و هەرگیز لە ئامانجی شەهیدان و سەربەخۆیی کوردستان پاشگەز نابینەوە. ئەگەر ئاوڕ لە راپەڕینەکانی مێژووی خۆمان بدەینەوە، دەبینین ئافرەت شان بە شانی برا پێشمەرگەکانمان بەرگرییان لە کوردستان کردووە، دڵنیام ئایندەی ئێمەی کورد گەش دەبێت، ئەگەرچی لە ئێستادا دوژمن لە هەموو لایەکەوە پەلامارمان دەدات، بەڵام هەر تاکێکی کورد لە هەرکوێ بێت، پێشمەرگەیە بۆ بەرگری لە خاك و شەرەفی کوردستان و داواش لە کۆمەڵگەی نێودەڵەتی دەکەین لە بەرامبەر ئەو گەلەکۆمەکی و دەستدرێژییانەدا بۆ سەر دەستکەوتەکانی کورد بێدەنگ نەبن.»

**کورد قبووڵی داگیرکردن ناکاتەوە، ئیتر تامی ئازادیمان چەشتووە و هەرگیز سەر بۆ هیچ زاڵم و داگیرکەرێک دانانەوێنین**

**رۆژێکی نوێ بۆ گەلی کورد بەڕێوەیە و بە یەک هەڵوێستی و یەکدەنگی دەتوانین وەڵامی سەرجەم دوژمن و داگیرکەران بدەینەوە**

**گەلی کورد قبووڵی ئەمە غەدرە گەورەیە ناکات و رازی نابێت خوێنی شەهیدەکانی بەفیڕۆ بڕوات، بەڵام پێویستە ژیرانە هەنگاو بنێین و بزانین کێمان لەگەڵە و کێ دژمانە**

